لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# مافەکانی بەساڵاچووان

## لەڕوانگەی قورئان وفەرموودەی پێغەمبەرمان

## ( صلی الله علیه وسلم )

نووسینی

الشيخ عبدالرزاق بن عبدالمحسن البدر

وەرگێڕانی

پشتیوان محمد

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

# پێشەکی وەرگێڕ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ}.

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً}

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً}

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ

مرۆڤ قۆناغەکانی ژیانی بەچەند وبستگەیەکی جیاواز تێدەپەڕێنێت کە هەر قۆناغە شێواز وتایبەندمەندی خۆی هەیە کەلەوی تر جیاوازە . لەوانەش قۆناغی (پیری )یە ،کەئەم قۆناغە دوا وێستگەی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە کەلەدیارترین تایبەندمەندیەکانی (لاوازبوون )ە .

وەکو پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ ﴾الروم:٥٤

# تایبەندمەندیەكانی پیرێتی

**بەساڵاچوون :** بریتی یە لەكۆمەڵێك گۆڕانكاری جەستەیی ودەروونی كەلەدوای قۆناغی لاوێتی دێت كەهەندێك تایبەندمەندی هەیە لەڕووی جەستەیی وعەقڵی وكۆمەلآیەتی ودەروونی یەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ قۆناغەكانی تری تەمەن.

**تایبەندمەندی جەستەیی :** لاوازبوونی ئەندامەكانی جەستەبەگشتی ولاوازبوونی ماسولكەكانە بەتایبەتی وچەماندنەوەی پشت وچرچ ولۆچ بوونی پێست ولاوازبوونی ئەندامەكانی بیستن وبینین سست بوونی چالاكی جووڵەو لاوازبوونی توانای سێكسی .

**تایبەندمەندی عەقڵی :** لاوازبوونی بیركردنەوە وزیادبوونی لەبیرچوونەوە و بەئەستەم فێربوونی كاری تازە .

**تایبەندمەندی كۆمەلآیەتی:** دەمارگیری بۆ ڕاو بۆچوونی خۆی، زیادبوونی دەست بەتاڵی وكەمبوونەوەی بایەخ دان بەحەزوو وئارەزووەكان .

**تایبەندمەندی دەروونی :** زووهەڵچوون وزووتووڕەبوون زووكاریگەربوون بەڕووداوەكانی دەورووبەر .

كەواتە بەساڵاچووان زۆر پێویستیان بەچاودێری كردنە لەلایەن دەزگاكانی حكومەت وتاكەكانی كۆمەڵگەوە لەڕوانگەی ئەو مافانەی كەبۆیان دیاری كراوە لەڕوانگەی قورئان وفەرموودەی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم).

# پێشەکی دانەر

لەڕاستیدا زۆر پێویستە خەڵکی زوو زوو ئەومافانەیان بەیاد بخرێتەوە کە پەروەردگار پێ بەخشیون بەتایبەت مافەکانی باوك و دایك ومافەکانی خزم و دۆستان ومافەکانی دراوسێ ومافەکانی بەسالاچووان ......هتد .

هەروەها یادخستنەوەی ئەم مافانە دەرگاکانی چاکە دەکاتەوە وڕێگایەکە بۆ چاکە کاری وسەرفرازی ، موسڵمان ئەگەر بەم مافانە یاد بخرێتەوە پەند وەردەگرێت ، وەئەگەر ڕێگەی چاکی نیشان درا ئەوا ڕێنمایی وەردەگرێت ، هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ سورة الذاريات : ٥٥ .

واتە : تۆ بەردەوام ئامۆژگاری بکە،چونکە ئامۆژگاری هەمیشە کەڵك بە بڕوادران ئەگەیەنێ

دەبێت موسڵمان هەست بەجوانی ئەم ئایینە پیرۆزە بکات ، کە ئایینی دادپەروەری یە ،کەئایینی بەخشینی مافاکانە بەخاوەنەکانیان هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل : ٩٠

واتە:بێگومان خودا فەرمان بەدادگەریی و چاکەکردن لەگەڵ تەواوی دروستکراوەکانیدا دەدا وفەرمان بەصیلەی ڕەحم وبەخشش وپیاوەتی و چاکە لەگەڵ

خزم ونزيكەكانيشدا دەدا وەرێدەگرێ لەهەموو سنوور دەرچوونێك وكارێكی خراپەو قێزەون ،خوا بەوشێوەيە ئامۆژگاريتان دەكات تا بەشكو بيربكەنەوە وپەندوەربگرن

(١)پێويستە موسڵمان ئەم مافانە مومارەسە بكات، هەتا ئەو مافانە ومومارەسەكردنيان لەژيانی ڕۆژانە ڕەنگ نەداتەوە چۆن دەتوانێت دادپەروەر بێت ؟!! بۆيە لەهەمووی گرنگترو پێويست تر ، ناسينەوەی مافاكانە ،كەدەبێت جێگەی بايەخی موسڵمانان بێت وجیێ بەجیێ كردنی ئەم مافانەش پەرستشە ، ونزيك بوونەوەيە لەپەروەردگار ،چونكە مەبەست لەزانست كردەوەيە ، بۆيە پێشەوا (علی كوڕی ئەبوتالیب) فەرموويەتی : (زانست با نگی كردەوە دەكات ، ئەگەر وەڵامی نەداتەوە ئەوا ماڵئاوايی دەكات ) [١]

كەواتە : زانينی ئەم مافانە لەدووخاڵ بەدەرنيە : دەبێتە بەڵگەبۆت(بۆرزگاريت)يان دەبێتەبەڵگەلەسەرت(بولەناوبردنت) ، بەڵگەيە بۆت ئەگەر بايەخی پیێ بدەيت وهەستی پیێ بكەيت جیێ بەجیێ بكەيت .يان بەڵگەيە لەسەرت ئەگەر هاتوو پشكت تەنها بيستن بێت بەبیێ كردەوە هەروەكو پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) فەرموويەتی : [والقران حجة لك أو عليك] رواه مسلم .

واتە: قورئان لەڕۆژی دوايی دا بەڵگەيە بۆت يان بەڵگەيە لەسەرت .

---

[١] رواه الخطيب في إقتضاء العلم والعمل : ص : ٤٠

كەواتە پێویستە لەسەر هەر تاكێكی موسڵمان كەنیەتی خۆی پاك بكاتەوە لەنێوان خۆی وپەروەردگاریدا ، لەبیستنی ئەم مافانە ، كەمەبەستی لەجێ بەجێ كردنی ئەم مافانە ڕازی بوونی پەروەردگاری بێت ،بەشێوەیەك لەگەڵ زانینی ئەم مافانە دەروونی ڕاستەوخۆ ئامادەبێت بۆ بەجێ بەجێهێنانی نەك تەمبەڵ وتەوزەل ونەنگ بێت ،چونكە ئەم جۆرە دەروونانە سوودی نیە ، بۆیە ئێمە زۆر پێویستمان بە دوو ئەركە ، هەروەكو زانای پایەبەرز (إبن القيم)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)لەكتێبی (مفتاح دار السعادة) فەرموویەتی :

(تەواوكاری هەموو مرۆڤێك ، بەدووجۆردەبێت : هەمێك كەپاڵنەرێتی ، وەزانستێك كەبەرچاوڕوونێتی . پلەكانی خۆشبەختی وسەرفرازی جیاوازە لەنێوان ئەم دووخاڵەدا ، یان ئەوەتا هیچ زانستێكی نیە بۆیە ناجوڵێ بۆ داواكردنی یان زانستی هەیە بەڵام هیچ پاڵنەرێكی نیە كە هەوڵی بۆ بدات )

بەڕاستی ئەم دووخاڵە زۆر گرنگە كە ئەوانیش زانستێكی بەرچاو ڕوون بۆ ڕێگای ڕاست ودروست وە پاڵنەرێكی بەهێزكەنزیكت بكاتەوە لە ڕێگای چاكەخوازی .

ئەگەر مرۆڤ زانستی هەبێت وپاڵنەری نەبێت ئەوا زانست بەڵگەیە لەسەری ، وەئەگەر پاڵنەری هەبوو بەڵام زانستی نەبوو ئەوا كارەكانی زۆر شپرزەو بێ بەرنامە دەبێت . هەروەكو چۆن پێویستمان بەزانستی بەسوودە ، بەهەمان شێوە پێویستمان بەپاڵنەرێكی بەهێزە كەوابكات لەمرۆڤەكان بتوانن مافەكان جێ بەجێ بكەن ، كەئەركی سەرشانی هەمووموسڵمانێكی نێرو مێ یە .

یەکێك لەجوانی ئایینەکەمان ئەوەیە کەهاتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ڕەوشتە جوانەکان وەدوورکەوتنەوەی بەندەکان لەڕەوشتە خراپ ونزمەکان . هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی :( إِنَّمَا بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الأَخْلاَقِ ) رواه أحمد (٨٩٥٢) والبخاري في الأدب المفرد (٢٧٣)

واتە : من نێردراوم بۆ تەواوکردنی ڕەفتارە جوانەکان .

وەهەروەها فەرموویەتی :( إنَّ مِنْ أحَبِّكُمْ إليَّ وأقْرَبِكُمْ مِنّي مَجْلِساً يَوْمَ القِيَامَةِ أحاسِنُكُمْ أخْلاقاً) رواه الترمذي (١٩٤١)

واتە : خۆشەویسترینی کەسی ئێوە وەنزیکترین کەسی ئێوە لەمنەوە لە ڕۆژی دوایی دا ئەوانەن کە ڕەفتاریان جوانە .

وەهەروەها فەرموویەتی:( إنَّ المُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بحُسْنِ خُلُقِه دَرَجَةَ الصَّائِمِ القَائِمِ) رواه أحمد (٢٥٠١٣) وأبوداود (٤١٦٥).باوەڕدار بەڕەفتاری جوانی دەگاتە پلەی ڕۆژووانی شەو نوێژکەر .

ئایینەکەمان بانگەواز بۆ ڕەوشتی جوان وئادابە جوانەکان دەکات ، وەهەروەها بانگەواز بۆ ئادابە جوانەکان دەکات ڕەوشتی جوان لەگەل خوا وڕەوشتی جوان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) وئادابی جوان لەگەڵ بەندەکانی خوا وئادابی جوان لەگەڵ باوك ودایك لەگەڵ دراوسێ و.... هتد

كەبەڕاستی ئەم ئادابانە زۆر پیرۆز وبەنرخن بەرزی پلەوپایەی ئەم ئاینە نیشان دەدەن كە ئاینی چاكەكاری یە لەبیرو باوەڕو پەرستشەكان وئادابەكان وڕەوشتەكان.....هتد

كاتێك كە موسڵمانان كەمتەرخەم دەبن لەشارەزابوون لەئاینەكەیان سەرەئەنجام كاریگەری خراپی دەبێت لەجێ بەجێ كردنی مافەكان ، وەبەپێچەوانەوە ئەگەر شارەزابن لەئاینەكەیان بەدڵنیاییەوە دەتوانن مافەكان وواجبەكان وئادابەكان كە زۆر بەجوانی وبەتەواوەتی جێ بەجێ بكەن. لەمێژوودا ڕۆژگارێك تێپەڕیوە بەسەر گەلانی بێ باوەڕاندا كە پۆل پۆل هاتوونەتە نێو ئەم ئاینە پیرۆزەوە بەهۆی ئەوەی كەزۆر سەرسامی كارو كردەوە وڕەوشتە جوانەكانی موسڵمانان بوون هەرچۆن زانای پایەبەرز (إبن باز) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)فەرموویەتی :

(نەك تەنها موسڵمانان لەڕۆژگاری ئەمڕۆیاندا ، بەڵكو هەموو جیهان زۆر پێویستیان بەتێگەیشتنە لەئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناسینی جوانیەكانی وەبۆ ئاشكراكردنی ڕاستیەكانی ، سوێند بەخوا ئەگەر ئیسلام بناسن وەكو خۆی ئەوا پۆل پۆل موسڵمان دەبن هەروەكو چۆن خەڵكی پۆل پۆل لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم )موسڵمان دەبوون ) مجموع الفتاوی (٢/٣٣٨)

## بانگخوازێكی هیندی

جارێکیان گەشتم بەپیاوێکی موسڵمانی هیندی کەلەسەردەستی دا زیاتر لە (١٠٠) کەس موسڵمان بووبوون، کەدانە دانە بەجیا لەیەکتر لەڕێگەی ئەم پیاوەوە موسڵمان بووبوون تەنها لەڕێگەی شارەزاکردنیان بەئادابە جوانەکانی ئیسلام. بۆنموونە کاتێك هەرکەسێکی بینیوە غەمباربووە وکێشەیەکی هەبووە ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دانیشتووە پرسیاری لێ کردووە دەربارەی باودۆخی ژیانی ولەشێوەی کێشەکەی پاشان هەوڵی داوە کە کێشەکەی چارەسەر بکات لەژێر ڕوناکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام. کەموسڵمان بوونی هەر یەکێك لەو (١٠٠)کەسە لە (٣٠) خولەك زیاتر نەبووە بەشێوەیەك پرسیارم لێ کردووە کە کێشەت چی یە ؟ چارەسەرم پێ نیشان داوە لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەوکەسەش پرسیاری چۆنیەتی موسڵمان بوونی کردووە ؟ منیش باسم بۆ کردووە ئەویش موسڵمان بووە .

ئێمەی موسڵمان ، ئێمەی شوێن کەوتوانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زۆر پێویستمان بە شارەزابوونە لەم ئادابە جوانانە ، پێویستمان بەشارەزابوونە لەهەردوو سەرچاوەی سەرەکی ئەم ئاینە کە ئەویش کانیاوی سازگاری قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) ، بۆئەوەی بخەوێنەوەو تێر تێر لەم ئاوە سازگارە بخوێنەوە، زیاتر ڕەوشتمان جوان بکەین بەو ڕەوشتانەی کەپەروەردگاری جیهان بانگمان دەکات بۆی ، ئەو پەروەردگارەی کەداناو زانایە بەهەموودروستکراوەکانی ،گوێڕایەل وجێ بەجێ کاربین ، بەمەش چاوەڕێ پاداشتی خوای گەورەبین ، چاوەڕێ بەڵێنی خوا بین بۆ ئەو کەسانەی کەبەم مافانە هەڵدەستن .

**برای خۆشەویستم** : باش بزانە کەجێ بەجێ کردنی ئەم مافانە بەکردەوەگوێرایەڵی پەروەردگار دەبێت ،پاشانیش چاوەڕێ بەدەست هێنانی پاداشتی خوایی . ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا﴾[الإنسان: ٩]

وریابە نەکەی کەلەچاکەکاری دا چاوەڕێ پاداشتی خەڵکی بیت ، ئەگەر چاکەیان لەگەڵت کرد ئەوکات چاکەیان لەگەڵ بکەی ، ئەگەر خراپەیان لەگەڵت کرد ئەوکات خراپەیان لەگەڵ بکەیت .

جارێکیان یەکێك لەهاوەڵان پرسیاری لەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کرد بەم **شێوەیە** (يارسول الله إن لي قرابة أصلهم ويقطعوني ، وأحسن إليهم ويسيئون إلي وأحلم عنهم ويجهلون علي ، فقال :(لئن كنت كما قلت ، فكأنما تسفهم المل، ولايزال معك من الله ظهير عليهم مادمت على ذلك ) رواه مسلم (٢٥٥٨)

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) . من خزمم هەیە سەردانیان دەکەم بەلاَم ئەوان سەردانم ناکەن ، وەچاکەیان لەگەڵ دەکەم بەلاَم ئەوان خراپەکارن بەرامبەرم ، پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) پێ فەرموو : ئەگەر وابێت کە تۆ باسی دەکەیت ئەوا وەکو ئەوە وەهایە کە خۆڵەمێشی گەرم بکەیت بە قوڕگیاندا ، وەبەردەوام خودای گەورە پاڵپشت وهاوکارتە ئەگەر تۆش بەردەوام بیت لەسەر ئەم چاکەیە .

## پاراستنی مافەکانی بەساڵاچووان

ئاینی پیرۆزی ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەسەر پاراستنی مافەکانی بەساڵاچووان ئیتر ئەو بەساڵاچووە باوك بێت یان دایك یان خزم ودۆستان یان دراوسێ یان تەنانەت بێ باوەڕیش بێت .

هەروەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە (ئەبو موسای ئەشعەری) (ڕەزای خوای لێ بێت ) لەپێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: (إن من إجلال الله إكرام ذي الشيبة المسلم ،وحامل القران غيرالغالي فيه والجافي عنه ، وإكرام ذي السلطان المقسط) أخرجه الترمذي (١٨٤٤) من حديث أنس رضى الله عنه وهو في الصحيحة (٢١٩٦)

واتە : لەبەگەورەزانینی خوای گەورە ڕێزگرتنە لەموسڵمانی بەساڵاچوو ...........

کەواتە ڕێزگرتن لەم تاقمە بە شێکەلەبە گەورە زانینی پەروەردگار، وەبەگەورەزانینی پەروەردگار بەرزترین داواکراوە وبەرێزترین مەبەستە ، کەمتەرخەمی لەم واجبە کەمتەرخەمیە لەبەگەورە زانینی پەروەردگار ، چونکە پەروەردگار بانگی کردووی لەوەی کە خێری تێدایە لەچاکە وچاکەخوازی ورەوشت بەرزی وجوانی ........هتد ، بەهەر شێوەیەك سستی بنوێنێنیت ئەوا سستیت نواندووە لەبەگەورە زانینی پەروەردگارت .

ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ڕێز وگرنگی مافی بەساڵاچووان لەڕوانگەی شەرعی پیرۆزی ئیسلامەوە ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)دەفەرمویت : (لیس منا لم یوقر کبیرنا ولم یرحم صغیرنا ) رواه أبوداود (٤٨٤٣) وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٢١٩٩)

واتە: لەئێمە نیە کەسێك ریزی گەورەکان نەگرێت وەڕەحم نەکات بەبچوکەکان .

لەم فەرموودەیەدا زۆر وبەجوانی دیارە کەکەسی بەتەمەن و بەساڵاچوو چەندە ڕێزی هەیە ، وەچەندە پلەو پێگەی هەیە ،کەپێویستە بپارێزرێت ، دەستەواژەی (لیس منا) واتە هەرکەسێك ڕێز لەخۆی گەورەتر نەگرێت ئەوا لەسەر ڕێبازو ڕێگای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نیە . پاشان ئەم مافانە گەورەتر دەبن ئەگەر هاتوو ئەو بەساڵاچووانە خزم ودۆست بن چونکە ئەوکات دوو ماف بەیەکەوە کۆدەبێتەوە مافی بەساڵاچوون ومافی خزمایەتی ، ئەگەر هاتوو دراوسێ بن ئەوکات مافی بەساڵاچوون ومافی دراوسیەتی بەیەکەوە کۆدەبێتەوە ، خۆئەگەر باوك ودایك بن ئەوکات مافەکانیان زۆر گەورەتر دەبن تەنانەت ئەگەر کەسی بەساڵاچوو بێ باوەڕیش بێت ئەوکات هەر مافی لەسەرشانمانە .

چونکە ئەگەر بێ باوەڕیش بزانێت مافی پارێزراوە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام دا ئەوا ڕەنگە ببێتە مایەی موسڵمان بوونی ،بەلاّم ئەم هیدایەتە پاش ویستی خوا پەیوەستە بەچۆنیەتی مامەڵەی موسڵمانان لەگەڵیاندا نەك تەنها بە تیۆری (نظري) بێت، بەتایبەتی لەوساتانەی کەتەمەنی تێ پەڕیوەو مردنی نزیك بوەتەوەو لەنێو

ژینگەیەکدا گەورەبووە کەمافەکانی لەلایەن خەڵکەوە پشت گوێ خراوە بۆیە کاتێك دەبینێت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جەختی کردۆتەوە لسەر مافەکانی وموسڵمانانیش بەتەواوەتی ئەم مافانە جێ بەجێ دەکەن ئەوا بەبێ دوودڵی مل کەچ دەبن وموسڵمان دەبن ، بەڵاّم بەپێچەوانەوە ڕەنگە ببێتە ڕێگر لەموسڵمان بوونیان .

## چیرۆکێك لە پەڕاوەکانی مێژووەوە

ئەم چیرۆکە زانای پایەبەرز (پیشەوا ئەحمەد ) بۆمان دەگێڕیتەوە لە (مسندەکە)ی لەئەسمای کچی ئەبوبەکرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت ) دەڵێت : کاتێك کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) وەستابوو لە (ذي طوى ) کە (ئەبوقحافە ) کە باوکی خەلیفە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت ) دەڵێت بەیەکێك لەکچەزاکانی کە بچوکترینیان بووە ، کچۆڵەکەم ممبە بۆ سەر (ئەبی قوبەیس ) کەشوێنێکی بەرزە ، چونکە چاوەکانی لەدەست دابوو ، ئەمیش دەستی دەگرێت ودەیباتە ئەو شوێنە (ئەبوقحافە )ش، دەڵێت : کچۆڵەکەم !چی دەبینی ؟ ئەمیش دەڵێت : تارماییەك دەبینم ، (ئەبوقحافە)ش ، دەڵێت : ئەوە ئەسپن ، کچۆڵەکەش دەڵێت : پیاوێك دەبینم لەنێو ئەوسپ سوارانە دێت ودەڕوات ، (ئەبوقحافە)ش ، دەڵێت: ئەوا سەرپەرشتیاری ئەسپ سوارەکانە ..............کاتێك کە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەگاتە نێو شاری مەککە ودەچێتە نێو کەعبەوە. ئەوکات پێشەوا ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت ) باوکە پیرەکەی بەزوویی دەباتە لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) . پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) بەپێشەوا

ئەبوبەکر دەڵێت : (خۆزگە ئەم پیاوە پیرەت لەماڵەوە جێبهێشتایە خۆم دەچوومە خزمەتی ) !!! پێشەوا ئەبوبەکریش دەڵێت : واجوانترە کە ئەوبێتە خزمەتت –لەبەر ئەوەی موسڵمان دەبێت –(ئەبوقحافە)ش لەپێش پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)دادەنیشێت و پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) دەست دەهێنێت بەسەر سنگی داوپاشان پێی دەڵێت : موسڵمان بە ، ئەویش موسڵمان دەبێت .......)

رقم ٢٦٩٥٦ وحسن إسناده الالباني في الصحيحة (١/٨٩٥)

ووتنی ئەم جۆرە ڕستەو دەستەواژانە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەردڵان ، کەبەڕاستی دەرگای دڵەکان دەکاتەوە ، بۆیە ڕاستەوخۆ (ئەبوقحافە) موسڵمان بوو .

بۆیە ئەگەر باوك ودایك موسڵمانیش نەبێت پێویستە ڕەچاوی مافەکانیان بکرێت تەنانەت ئەگەر بانگی نەوەکانیان بکەن بۆ بێ باوەڕی بەڵام سەرەڕای گوێڕایەڵی نەکردنیان دەبێت بەجوانی مامەڵەیان لەگەڵ بکەن .

﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾

[لقمان: ١٥]

واتە : هەمیشە گوێڕایەڵیانبە لەسنوری ڕەزامەندی خوادا، خۆئەگەر هەوڵیشیانداوپیانداگرت لەسەر ئەوە کەشتێك بکەیت بەشەریك وهاوەڵم کەهیچ بەڵگەو زانیاریەکت پێی نیە ئەوسا گوێڕایەڵیان مەکە وەلەدونیادا لەگەڵ هەردووکیاندا بەشێوەیەکی چاك وپەسەند هاوەڵی بکە وەبەردەوام هەر ڕێگەی ئەوە

بگرە کەبەرەو من رێگەی گرتۆتە بەرو گەڕاوەتەوە بۆلای من لەپاشان هەمووتان هەر بۆلای من دەگەڕێنەوە ئینجا لەو کارو کردەوەیەش لەدونیادا کردوتانە ئاگادارتان دەکەمەوە .

ئەگەر سەرنجی ئایەتەکە بدەین پەروەردگار فەرموویەتی : (فَلَا تُطِعْهُمَا) نەیفەرمووە (فعقهما )کەواتە ئەگەر موسڵمانێك باوکی نوێژی نەدەکرد یان کەسێکی خراپەکاربوو ئەوا هەر مافی (باوکێتی وبەساڵاچوونی )دەمێنێت (وصاحبهما في الدنيا معروفا )

کەواتە پێویستە بەم شێوەیە جوانە هەڵس وکەوت بکەین لەگەڵ باوکانی بێ باوەڕان بۆئەوەی بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست پاش ئامۆژگاری کردنیان بەشێوەیەکی جوان .

بەهەرحاڵ ئاینەکەمان ئاینی چاکەکاری یە ، ئاینی لێبوردەیی یە ، ئاینی نەرم ونیانی یە ، ئاینی دادپەروەری یە ، ئاینی پاراستنی مافەکانە ، ئاینی بەخشینی مافەکانە ، ئاینی پاراستنی مافی بەساڵاچووانە تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش نەبن ، ئەی ئەگەر موسڵمان بێت ؟ ئەی ئەگەر دراوسێ بێت ؟ ئەی ئەگەر خزم ودۆست بێت ؟ ئەی ئەگەر باوك ودایك بێت؟

بەڕاستی جێ بەجێ کردنی مافەکانیان گەورەترین هۆکاری نزیك بوونەوەیە لەخوای گەورە ، وەگەورەترین هۆکاری بەدەست هێنانی ڕازی بوونی پەروەردگارە ، وەئاوەڵای نەهامەتیەکانە ، وەئاسانکەرەوەی کارەکانە .

## چیرۆکی سێ پیاوەکەی ناو ئەشکەوتەکە

چیرۆکی ئەو سێ پیاوەی کە چوونە نێو ئەشکەوتەکەوەو لەپڕ بەردەرگاکەی بەبەردێکی گەورە داخرا ، ئەوکات هەریەکێك لەو سێ کەسە پەنا دەبەنە بەرباسکردنی کردەوەیەکی چاکی خۆیان کە ئەنجامیان داوە لەژیانیان دا ،یەکێکیان بەم شێوەیە باسی کردەوە چاکەکەی خۆی دەکات :

(.....اللهم كان لي أبوان شيخان كبيران وكنت لا أغبق قبلهما أهلا ولا مالا فناء بي في طلب شيء يوما فلم أرح عليهما حتى ناما فحلبت لهما غبوقهما فوجدتهما نائمين وكرهت أن أغبق قبلهما أهلا أو مالا فلبثت والقدح على يدي أنتظر استيقاظهما حتى برق الفجر فاستيقظا فشربا غبوقهما اللهم إن كنت فعلت ذلك ابتغاء وجهك ففرج عنا ما نحن فيه من هذه الصخرة فانفرجت شيئا)

واتە : پەروەردگارا من باوك ودایکێکی بەساڵاچووم هەبوو کە هەرگیز لەپێش ئەواندا نانم نەداوە بەمنداڵ وخێزانەکەم بۆیە جارێکیان بۆ کارێك چوومە دەرەوە کاتێك کەگەڕامەوە دوای دۆشینی شیرەکەیان وئامادەکردنی بینیم هەردووکیان

نوستوون بۆیە منیش حەزم نەكرد لەپێش ئەواندا بیدەم بەمنداڵ وخێزانەكەم بەم شێوەیە چاوەڕێم كردن تاوەكو بەرەبەیان ئەوكات هەستان وبەشەكەی خۆیان خواردەوە ، پەروەردگارا ئەگەر ئەم كارەم لەپێناوی تۆدا كردووە ئەوا دەرگای ئەم ئەشكەوتەمان لەسەر بكەیتەوە ....)

وەچەندەها بەڵگەی تر هەیە لەقورئان وفەرموودەكانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)كە جەخت دەكەنەوە بۆ پاراستنی ئەم مافانە كە زانایان لەكتێبی ئادابەكان دا زۆر بەجوانی باسیان لێ كردووە وەكو (الأدب المفرد) ی پێشەوا بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ،یان هەركتێبێكی تر كەلەم بوارەدا هەیە كە تێبینی چەندەها ئاداب ورەفتاری جوان دەكەیت لەگەڵ بەساڵاچووان كە لەژیانی هاوەڵان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕەنگی داوەتەوە كەدواتر ئاماژەیان پێ دەكەین .

## ڕاوەستان وتێڕامانێك

دوای ئەوەی مافی بەساڵاچووان زانرا لەڕوانگەی قورئان وفەرموودەوە ئەوكات ئەركی سەرشانی هەموو تاكێكی موسڵمانە كە لەدڵ ومێشك ودەروونی خۆیدا پیچەسپێنێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێكی بەهێز بۆ جێ بەجێ كردنیان ، چونكە نابێت كاریگەری بیستنی مافەكان كاتی بێت كە دواجار هێدی هێدی نامێنێت .

دەمەوێت ئاماژەبكەم بۆكێشەیەك كەزۆرێك لەئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنین ، ئەویش هەندێك جار كە چەند ئامۆژگاریەكی بەسوودوكاریگەر دەبیستین ، دەبینی

کاریگەریەکەی کاتی یە هەندێك جار بۆماوەی ڕۆژێك یان هەفتەیەك یان مانگێك .......هتد .

نابێت ژیانی ئێمە بەم شێوەیە بێت ، بەڵکو دوای بیستنی ئەم ئامۆژگاریانە پێویستە ژیانمان بگۆڕین بۆ باشترو بەردەوام بین لەسەر ئەنجامدانی کاری چاکەوچاکەکاری .

هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا (٦٦) وَإِذًا لَآتَيْنَاهُمْ مِنْ لَدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا (٦٧) وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا﴾ النساء

واتە : دیارە ئەگەر بەپێ ئامۆژگاریی وفەرمانەکانی خواوپەیامبەر ڕەفتاریان کردباوئەم فەرمانەیان ئەنجامدابا ئیتر بۆ دونیاوقیامەتیشیان باش دەبوو باوەڕیشیان پتەوتر دەبوو ئینجا ئێمەش بۆ خۆمان پاداشتێکی گەورەمان پێ دەبەخشین ئەوساش بەتەواوی ئەمانخستنە سەر ڕێگای ڕاست ولەسەری دامەزراومان ئەکردن .

ڕۆژێکیان یەکێك لە نوێژکەران سکاڵا دەکات لەووتاربێژی مزگەوتەکەی وپرسیاری لێ دەکات ودەڵێت: مامۆستا تۆ ماوەی چەندین ساڵە ووتارمان بۆ دەدەیت چیت فێرکردووین ؟ چی خزمەتێکت پێشکەش کردووە؟ مامۆستاش لەوەڵامدا دەڵێت : باشە ئەی ئێوە ئەو ماوە زۆر کە گوی بیستی ووتارەکان بوون چیتان کردووە ؟

کەواتە ئەرکی سەرشانی ووتاربێژانە کە ووتاربدەن وئاییینی خوا بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە ، بەڵام ئەرکی سەرشانی خەڵکیشە کە چاکەی بۆ ڕوون بویەوە پێویستە جێ بەجێ بکات و بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی بەدرێژای تەمەنی تاوەکو دەگاتە خزمەت پەروەردگاری .

## چەند خاڵێکی گرنك بۆ جێ بەجێ کردنی مافەکان

١-ڕاوەستان لەسەر ئەو بەڵگانەی کەلەقورئان وفەرموودەوە هاتوون باس لەگرنگی ئەم بابەتە دەکەن ، چونکە هەبوونی بەڵگە زیاتر کاریگەری دەبێت لەسەر موسڵمانان بەتایبەتی ئەوانەی کەدڵیان ساغە ودەروونیان پاکە هەروەکو پێغەمبەری نازدار (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : (إن من إجلال الله إكرام ذي الشيبة المسلم ) واتە : لەبەگەورەزانینی خوا ڕیزگرتنە لەموسڵمانی بەساڵاچوو . سوێند بەخوا کەسێك دڵی ساغ بێت ئەم فەرموودانە کاریان تێ دەکات ، وەهەروەها پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : (ليس منا من لم يوقر كبيرنا)

واتە : لەئوممەتی من نیە هەرکەسێك ڕێز لەگەورەکانمان نەگرێت .

کەواتە پێویستمان بەبیستنی بەڵگە هەیە ، بەڵگەی قورئان وفەموودە ، ئەم جۆرە بیستنە بەبەڵگەوە پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ جێ بەجێ کردنی مافەکان ، چونکە چاکە کردن پلەپلەیە ، یەکەمین پلەش بیستنە پاشان تێگەیشتن پاشان جێ بەجێ

کردن . بەم قۆناغانە بەندە نزیك دەبێتەوە لەپەروەردگاری،هەربۆیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هاندەری فێربوونی زانستی شەرعی یە وهاندەری ئامادەبوونە لەکۆڕوکۆبوونەوەی زانایان لەبەرکردنەوەی دەرگای شارەزابوون لە ئادابەجوانەکان .

٢-پشت بەستن بەخوداوداوکردن لێ بۆ جێ بەجێ کردنی مافەکان هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : (إحرص على ماينفعك واستعن بالله) رواه أحمد (٦٩٣٧) والترمذي (١٩٢٠) وصححة الألباني في صحيح الجامع (٥٤٤٤) •

واتە : سوور بە لەسەر ئەو کارەی سودت پێ دەگەیەنێت وەپشت ببەستە بە خودا.

وەهەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾الفاتحة: ٥ وەهەروەها فەرموویەتی ﴿فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾ (هود: ١٢٣)

هیچ کەسێك توانای ئەنجامدانی ئەم مافانەی نیە تەنها تەنها بەپشت بەستن بەخوا نەبێت هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بە ( معاذی کوری جبل ) دەڵێت : (فلا تدع أن تقول من دبر كل صلاة : رب أعني على ذكرك وشكرك ، وحسن عبادتك ) رواه مسلم (٢٦٦٤)

واتە : لەدوای هەموو نوێژێك بڵێ : پەروەردگارا هاوکارم بە لە سەر یادی خۆت وسوپاسی خۆت وچاك پەرستنی خۆت .

٣-هەرکات کاریکی چاکەت بیست داوا لەپەروەردگارت بکە بۆ ئەنجامادانی ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )فێری کردووین (ياحي ياقيوم برحمتك أستغيث أصلح لي شأني كله ولاتكلني إلى نفسي طرفة عين ) البخاري (٢٢١٥-١٢٧٢) وغيرهما ومسلم(٢٧٤٣)

٤-لەیاد نەکردنی پاداشتی گەورە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم مافانە جێ بەجێ دەکەن لەژیانی دونیاو دوارِۆژدا چونکە پەروەردگارت ئامادە کردووە بۆ ئەوانەی ئەم مافانە دەپارێزن لەچاکەی گەورە وپاداشتی هەمەجۆر، ئەم جۆرە چاکەوچاکەکاریانە هۆکارێکن بۆ زیادبوونی رِۆزی بەندەکان لەژیانی دونیا وهۆکارێکە بۆ تەمەن درێژی ولەناوبەری غەم وپەژارەکانە ولابەری نەهامەتی وناڕەحەتیکانە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )فەرموویەتی :( إنما تنصرون بضعفائكم ) وەهەروەها فەرموویەتی :( أبْغُوني ضُعَفَاءكم، فإنما تُرزقُونَ وتُنصرون بضعفائكم) رواه أحمد (٢١٧٣١) وأبوداود (٢٥٩٤) والترمذي (١٧٠٢) والنسائي (٣١٧٩) وصححه الالباني (٧٨٠)

واتە : بچن بەهانای لاوازکانتانەوە ، ئێوە رۆزی وسەرکەوتنتنان پەیوەستە بە لاوازکانتانەوە .

وەهەروەها فەرموویەتی: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ رِزْقُهُ، أَو يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ، فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ) رواه البخاري (٢٠٦٧) ومسلم (٢٥٥٧)

واتە: هەر کەسێك پێ خۆشە کە ڕۆزی بە فەڕ (بەرەکەت) بێت ، یان تەمەنی درێژ بێت (بەبەرەکەت بێت ) ئەوا با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت .

٥-ئەم پرەنسیپ ورێسایەت لەیاد نەچێت کە هەڵقولاّویی قورئان وفەرموودیە کە ئەویش (کما تدین تدان )واتە (پاداشت لەڕەگەزی کردەوەیە )، پەروەردگاریش فەرموویەتی :﴿هل جزاء الإحسان إلا الإحسان ﴾ سورة الرحمن : ٦٠

واتە : مەگەر پاداشتی چاکە تەنها چاکە نیە ؟واتە ئەوانە لەدونیادا کاری چاکەیان ئەنجامدا وائێستاش کاری چاکەیان لەگەڵ دەکرێ .

هەروەها فەرموویەتی :﴿ثم کان عاقبة الذین أساؤا السؤای﴾ الروم : ١٠

واتە : پاشان ئەنجامی ئەوانەی گوناهو تاوانیان کرد ، خراپترین پاشەڕۆژ بوو

چاکە پاداشتی چاکە کاری یە ، خراپەش پاداشتی خراپەکاری یە ، ئەگەر ئێستا تۆ ڕێزی گەورەکان بگریت ومافیان دابین بکەیت ئەوا دڵنیا بە لەپیری دا بەهەمان شێوە مافەکانت دابین دەکرێت .

کاتێك کە لەتەمەنی پیریدا جەستەت تەواو لاواز بووە وپێویستیت بەخزمەت کردن وبەهاناهاتنەوە هەیە ، ئەگەر هاتوو لەکاتی لاوێتیدا مافی پیرانت پاراستبێت ئەوا لەکاتی پیریدا مافەکانت پارێزراو دەبێت ئەگەر نا بەپێچەوانەوە تووشی سزا دەبیت .

بۆیە بەڕاستی دەبێت لەژیانی ڕۆژانەماندا ئاگاداری ئەم پرەنسیپ وڕێسایە بین ، پێویستە تاکی موسڵمان لەخودا بترسێت وزۆر بەجوانی بەم ئەرکانە هەستێ .

٦-پێویستە بڕوانینە ژیانی پیاو چاكە پێشینەكان كە چەندە بەئەدەبەوە هەڵس وكەوتیان كردووە لەگەڵ بەساڵاچووان دا وەچەندە بەچاكی بەم ئەركانە هەستاون ، چونكە دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە بین كە ئەوانی لەسەربوون ، ئەگەر پەڕەكانی مێژوو هەڵبدەینەوە بڕوانینە ژیانی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليەوسلم ) وئەوانەیشی كە شوێنیان كەتوون چەندەها هەواڵی بەنرخ وبەپێز دەبینی كەشایستەی تێڕامانن وەلەچلەپۆبەی ڕێزدابوون بەرامبەر بەساڵاچووان ئەوكات فێر دەبیت لەمیانەی ئەم بەسەرهاتانەوە لەئەدەبی جوان وڕوشتی بەرز ، بەلاّم سەد مەخابن گەنجانی ئەمڕۆ ئەوەندەی كەوتونەتە ژێر كاریگەری هونەرمەندان وڕۆشنبیران ودراماكن ئەوەندە نەكەوتونەتە ژێر كاریگەری هاوەلاّن وپیاوچاكان . بۆیە زۆر پێویستمان بەسەرگوزشتەی ژیانیانە بۆ ئەوەی ببنە سونبوولی پێشەوایەتی ومەردایتی بۆمان .

یەكێك لەو سەرگوزەشتانە كەهاوەڵی بەرێز (إبن عمر) (ڕەزای خوای لێ بێت ) دەگێریتەوە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ڕۆژێكیان پرسیارێك لەهاوەلاّنی دەكات دەفەرموویێت :(أخبروني عن شجرة مثلها مثل المؤمن ) هەواڵم بدەنێ دەربارەی دارێك كەنمونەی وەكو باوەڕدارە . هاوەلاّنیش لەوەلاّمدا هەر یەكەو جۆرە دارێكی ناو دۆڵیان باس دەكرد (إبن عمر ) یش دەڵێت : بەبیرم دا هات كە داری خورمایە دەمویست بیلێم بەلاّم شەرمم دەكرد لەگەورەكان ، كاتێك بێدەنگ بوون پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: دار خورمایە . البخاري (٦١، ٦١٢٢)

## مافەكانی بەساڵاچووان

١-**ڕێزلێ گرتنیان**: هەروەكو لەوفەرمودەدا هاتبوو كەپێشتر ئاماژەمان پێكرد (ويوقر كبيرنا) كە دەبێت ڕێز لەبەساڵاچووان بگیرێت ، ئەم دووشەیە زۆر گەورەیە وزۆر پڕمانایە هانمان دەدات كەزیاتر ڕێز لەبەساڵاچووان بگرین وببنە جێگای بایەخ وگرنگی وخۆشەویستی ، بەم تێڕوانینە دەتوانین مافەكانیان دابین بكەین ، چونكە هەركەس ڕێز لەبەساڵاچووان نەگرێت ناتوانێت مافەكانیشیان دابین بكات ، ڕێزگرتنیان مافیانە ، وەبەم ڕێزگرتنە دەتوانین مافەكانی تریان دەستە بەر بكەین

كە دەبێت ڕێزگرتنەكە لەدڵەوە بێت وپێگەو پلەوپایەیان بزانین تاوەكو بەكردەوە جێ بەجێ بكەین ولەبەگەورەزانینی پەروەردگار ڕێزگرتنە لەبەساڵاچووان هەروەكو لەفەرموودەكەی (ئەبو موسى ئەشعەری)یەوە ، كەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (إن من إجلال الله إكرام ذي الشيبة المسلم....) لەبەگەورەزانینی خوای گەورە ڕێزگرتنە لەموسڵمانی بەساڵاچوو، كەواتە پێویستە لەبەرامبەریاندا هەڵس وكەوتی جوان ووتەی جوان وخۆشەویستی ڕاستەقینە دەربڕین .

٢- **سەلام لێ كردنیان** : هەروەكو لەم فەرموودەدا هاتووە (يسلم الصغير على الكبير ، والراكب على الماشي ) البخاري (٦٢٣١-٦٢٣٢) ومسلم (٥٧٧٢)

واتە : بچوك سلاو لەگەورە دەكات وەسواری سلاو لەپیادە دەكات .

بۆیە ئەگەر بەلای کەسێکی بەساڵاچوودا تێپەڕیت چاوەڕێ مەکە کەئەوسەلامت لێ بکات ،بەڵکو تۆ پەلەبکە لەسەلامکردنی بەوپەڕی ئەدەب وڕێزەوە وبەوپەڕی خۆشەویستی ونەرم ونیانیەوە ، تەنانەت بەشێوەیەك سەلامی لێ بکە کە ئازاری پێ نەگات .

٣-**بانگکردنیان بەجوانترین شێواز** : وەکو ووتنی : مامەگیان ، خاڵۆگیان ، ......هتد وەکو ڕێزێك بۆ تەمەنیان ، لە(ئەبوئومامەی کوڕی سهل )ەوە ، (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕیتەوەودەڵێت : جارێکیان نوێژمان کرد لەگەڵ (عومەری کوڕی عبدالعزیز) کەنوێژی نیوەڕۆ بوو پاشان لەمزگەوت دەرچووین وبەڕیکەوتین بەرەو ماڵی (ئەنەسی کوری مالك )بینیمان کەنوێژی عەسر دەکات ومنیش پێم ووت : ئەی مامە !ئەمە نوێژی کەیە؟ ئەویش فەرمووی : نوێژی عەسرە وەبەم شێوەیە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەنجامی داوە . البخاري (٥٤٩)ومسلم (٦٢٣)

وەهەروەها لەعبدول ڕەحمانی کوڕی عەوفەوە(ڕەزای خوای لێ بێت ) دەڵێت: لەکاتێکدا من ڕاوەستابووم لەڕیزی جەنگاوەراندا لەکاتی جەنگدا ڕوانیم بەلای ڕاست وچەپمدا کەدوولاوی تازە پێگەیشتوو ڕاوەستابوون ... یەکێکیان ووتی : ئەی مامە ! ئەبو جهل دەناسیت ؟ منیش ووتم : بەڵێ ، بۆ چی ؟ ئەویش ووتی : بیستوومە کەجنێوی بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) داوە ، سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە ، ئەگەر بیدۆزمەوە جەستەم لەجەستەی جیانابێتەوە تاوەکو یەکێکمان ئەوی ترمان دەکوژێت . البخاري (٣١٤١) ومسلم (١٧٥٢)

**٤-پێش خستنیان لەكاتی قسەكردندا** : پێویستە پێش بخرێن لەكۆڕوكوبەنەوەدا ، لەكاتی نان خواردن دا ، لەكاتی چونە ژوورەوەدا ، چونكە ئەمە یەكێكە لەمافەكانیان هەروەكو (سهل كوڕی حثمة ) بۆمان دەگێڕیتەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)دەڵێت: ڕۆژێكیان عبداللە ی كوڕی سهل ومحیصە كوڕی مسعود كوڕی زەید دەڕۆن بۆ خەیبەر -كە جارێ ئاشتەوایی هەبوو لەنێوان موسڵمانان وجولەكەدا – لەیەك جیادەبنەوە دواجار كاتێك كە (محیصە ) دەگەڕیتەوە بۆلای عبداللە ی كوڕی سهل دەبینێ جلەكانی هەر خوێنی كابرایەكی كوژراوە كە لەسەر زەوی فڕێدراوە ئەویش دەینێژێ ، دوای گەڕانەوە بۆشاری مەدینە (عبداللە ی كوڕی سهل )و (محیصە وحویصەی كوڕی مسعود ) دەچنە خزمەت پێغەمبەری خوا(صلى الله علیه وسلم)كاتێك كە عبداللە دەیەوێت قسەبكات پێغەمبەری خوا(صلى الله علیه وسلم)پێ دەڵێت: گەورەتر ، گەورەتر .....!!!

چونكە لەهەرهەموویان تەمەنی بچوكتر بوو ، ئەمیش بێ دەنگ دەبێت .

البخاری (٢٩٣٧،٦٦٥٥) ومسلم (٣١٦٠)

هەروەها لەمالكەوە دەڵێت: جارێكیان دەڕۆشتم بەڕێگادا لەگەڵ (تەڵحەی كوڕی مصرف )تاگەیشتینە ڕێگایەكی زۆر باریك یەكسەر ئەو پێشكەوت و ووتی : ئەگەر بزانم تۆیەك ڕۆژ لەمن گەورەتری هەرگیز پێشت نەئەكەوتم .

وەله(فەزڵی کوڕی موساوە ) دەڵێت : جارێکیان من وعبداللە ی کوڕی مبارەك گەشتینە جێگایەك من پێم ووت : فەرموو پێش بکەوە ، ئەویش فەرمووی : نەخێر تۆپێش بکەوە ، چونکە من دوو ساڵ لەئەوگەورەتربووم.

رواهما الخطيب البغدادي في الجامع لأخلاق الراوى وآداب السامع باب تقديم الأكابر في الدخول (١/٢٨٥)

٦-ڕەچاوکردنی لایەنی (تەندروستی وجەستەیی ودەروونیان ) :ئەندامەکانی لاشەی بەساڵاچووان تەواو کزبووە بەهۆی تەمنیانەوە،بەڕاستی زۆرێك لەلاوەکان هەست بەم خاڵە ناکەن ، پێویستە بزانین ئەم قۆناغە قۆناغی لاوازی یە لەجەستەدا ، لەتەندروستیدا ، ئەگەر خودا تەمەنمان درێژ بکات هەموومان ئەم قۆناغە دەبینین ، مرۆڤ لەسەرەتای تەمەنیدا کەقۆناغی لاوێتیە کە زۆر بەهێزوبەتواناوبەجوڵەیە ، زۆرسەرنج ڕاکێشە ، قۆناغ لەدوای قۆناغ کەتەمەنی گەورەتر دەبێت وهەڵس وکەوتی دەگۆڕێت ئیتر هێدی هێدی هێز لەدەست دەدات تاوەکو دەگاتە قۆناغی پیری،کەقۆناغی لاوازی وکەم جوڵەییە ، تەنانەت بێ دەسەڵاتیشە لەئاست کارەکانی ڕۆژانەی ،هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ (٥٤) ﴾الروم : ٥٤

وەهەروەها فەرموویەتی : ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ

لِنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى وَمِنْكُمْ مَنْ يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنْزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنْبَتَتْ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ (٥)﴾ الحج : ٥

کەواتە لەمافەکانی بەساڵاچووان زانینی لایەنی تەندروستیان ولایەنی دەروونیانە ، بەڵکو هەندێك لەبەساڵاچووان ئەندامەکانی لاشەیان تەواو کزبووە دەبینی لەبەرپیریان وەکو منداڵ ڕەفتار دەکەن بۆیە پێویستە ڕەچاوی بارو دۆخیان بکرێت . بەڵام ئەوکەسەی کەئاگاداری ئەم بارودۆخانە نیە دەبینی زۆر بەزوویی بێزار دەبێت وەهەست بەئێش وئازاریان ناکات چونکە ئەگەر هەست بەئازاریان بکات ئەوا دەتوانێت مافەکانیشیان دابین بکات، ئەوەی کە مایەی غەم وپەژارەو دڵگرانیە ئەوەیەکە زۆرێك لەڕۆڵەکان تاوەکو چەندرۆژێك یان چەند مانگێك یان چەند ساڵێك ڕەنگە بتوانن بەجوانی ئەم مافانە جێ بەجێ بکەن بەڵام دواتر بێزاردەبن ناتوانن بەردەوام بن لەچاکەکاری . کارگەشتۆتە ئەوەی کەهەندێك لەڕۆڵەکان باوکەکانیان یان دایکەکانیان دەبەنە (خانەی بەساڵاچووان ) (دارالعجزة) فەرامۆشیان دەکەن ، بەڵکو هەندێك جار لەسەر شەقامەکان فڕیان دەدەن یان بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لەوخانانەدا فەرامۆشیان کردوون تەنانەت لەکاتی بۆنەوچەژنەکانیان دا سەردانیان ناکەن ، ئەگەر پرسیار لەم جۆرە کەسانە بکەیت کە ئەگەر تەمەنی خۆیان بگاتە ئەم ئاستە ئایا بەم شێوە مامەڵەیە ڕازین ؟! دڵنیام لەوەڵامدا دەڵێن : نەخێر، دەی

کەواتە ئەم جۆرە کەسانە چۆن بەم شێوە مامەڵە خراپە ڕازی دەبن لەگەڵ باوك ودایکیاندا، ئەمەش یەکێکە لەنیشانەکانی لاوازی باوەڕ هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی :(من أحب أن يزحزح عن النار ويدخل الجنة فلتأته منيته وهو يؤمن بالله واليوم الأخر ،وليأت إلى الناس الذي يحب أن يؤتى إليه ) رواه مسلم (٤٨٨٢)

واتە : هەرکەسێك پێی خۆشە کەلەئاگر ڕزگاری بێت وبچێتە بەهەشتەوە باتاوەکو مردن پێی دەگات باوەڕی بەخوداو بەڕۆژی دوایی هەبێت وەئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ خەڵکیش پێی خۆش بێت .

بەهەرحاڵ ئەگەر هاتوو باوك یان دایك گەشتە قۆناغی ئەوپەری پیری ولاوازی پێویستە زۆر بەجوانی مافەکانیان جێ بەجێ بکرێت ، وەکو چاکەیەك بەرامبەر بەئازارەکانیان وەهەست کردن بەپێگەکانیان ، پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ﴾ [لقمان: ١٤]

ئەگەر لەم ئایەتە وردبینەوە دەبینین مافی باوك ودایکی کردۆتە هاوشانی مافەکانی خۆی ، وەسوپاس کردنی باوك ودایکی کردۆتە هاوشانی سوپاسکردنی خۆی ، کەواتە ئەم مافانە بەردەوام دەمێنێ تاوەکو مردنیان ، بەندەکان بەرپرسیارن لەبەدیهێنانی ئەم مافانە لەڕۆژی دوایی دا .

٧- **دوعای چاکەکردن بۆیان** : دەبێت ڕۆڵەکان بەدرێژای تەمەنیان پاڕانەوەی چاکە بکەن بۆباوکان ودایکیان بۆ پاراستن وسەلامەتیان و ئاخر خێریان بەڵکو لەوکەسانەبن کەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەربارەیان فەرموویەتی:(من طال عمره وحسن عمله ) رواه أحمد (١٧٦٠-١٧٦٩) والترمذي (٢٢٥١)

واتە: ئەوانەی کە تەمەنیان درێژەو کردەوەیان چاکە

## بەسەرهاتێك

دەگێڕنەوە جارێکیان سولەیمانی کوڕی عبدالملك دەچێتە مزگەوتێك دەبینێ وا پیاوێکی پیری بەساڵاچوو لەمزگەوتەکەیە ئەمیش سەلامی لێ دەکات ودواجار پرسیاری لێ دەکات ئەی مامە پیرە حەز بەمردن دەکەیت ؟ ئەویش دەڵێت : نەخێر ، سولەیمانیش دەڵێت : بۆ حەزناکەیت ؟ ئەویش دەڵێت : لاوێتی وشەڕەکانی بەسەر چوو وەپیرێتی وچاکەکانی واهاودەم وهاوشانمە ئەگەر هەستم دەڵێم : بسم الله ، ئەگەر دابنیشم دەڵێم : الحمد لله ، بۆیە حەزدەکەم هەر پیربم چونکە بەڕاستی پیرێتی یاد خەرەوەی چاکەکاری یە .[1]

واتە ئارەزوو دەکات بەردەوام سوپاسگوزارو یادی خوا بکات چونکە لەقۆناغی پیری مرۆڤەکان بیدار دەکاتەوە لەبەرئەوەی پیرێتی قۆناغێکی زۆر نزیکە لەمەرگەوە.

---

[1] أخرجه إبن أبي الدنيا في العمر والشيب (٢٩) وإبن عساكر في تأريخ دمشق (٩١٥٩) والدينوري في المجالسة (٢٠٢١)

٨-**كۆڵنەدان لەخزمەتكردنیان :** باش بزانە هەرچەندە خزمەتی باوك ودایك بكەیت ئەوا هەرپاداشتیان نادەیتەوە هەروەكو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :(لايجزي ولد والده ،إلا أن يجده مملوكا فيشتريه فيعتقه)

واتە : منداڵ ناتوانێت پاداشتی باوكی بداتەوە مەگەر باوكی كرابێت بەكوێلە ئەم بیكڕێت ورزگاری بكات .

وەهەروەها (أبوبردە ) (ڕەزای خوای لێ بێت ) كە (إبن عمر ) لەكاتی تەوافدا پیاوێك دەبینێ كەدایكی لەسەرشانی هەڵگرتووە وتەوافی پێ دەكات ودەڵێت : إني لها بعيرها المذلل إن أذعرت ركابها لم أذعر

دوای ئەم پیاوە پرسیار دەكات لە (إبن عمر) كە ئایا بەم شێوەیە پاداشتی دایكی داوەتەوە . (إبن عمر )یش لەوەلاٌمدا دەڵێت : نەخێر ، نەخێر بەقەدە یەكێك لەئازارەكانی منداڵ بوونی نابێت .

## کۆتایی

ئەمە کۆمەڵێك بوو لەمافەکانی بەساڵاچووان کە پێویستە تاکی موسڵمان پێ هەستێت وەکۆمەڵێك بوو لەتێبینی وئاگادارکردنەوە وئامۆژگاری دەربارەی ئەم بابەتە . داوام لەپەروەردگارە کەسوودمان پێ ببەخشێت بەوزانستەی کەفێری بووین وەڕەحم بکات بەبەساڵاچووان لەباوکان وخزمان ودۆستان وموسڵمانان بەگشتی .داوام لەپەروەردگارە کە ئەم نامیلکە بچوکە بکاتە مایەی چاك بوون وچاکسازی لەنێو کۆمەڵگەداوبیکاتە تێشووی قیامەتمان وەدلسۆزیمان پێ ببەخشێت لەنیازو کارو کردەوەکانماندا .

واخر دعوانا أن الحمد لله رب وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى أل وصحبه أجمعين

وەرگێڕ

٢٢ /شوال/ ١٤٣٦

٧ /٨/٢٠١٥

بنەمای ئەم نامیلکەیە ووتارێك بوو لەمزگەوتێك لەمزگەوتەکانی جدە کە شیخ (عبدالرزاق) ووتاری داوە ، پاشان کراوە بەنووسین بەلاّم هەندێك ڕاست کردنەوەو زیادەو کەم کردنەوەی بۆکراوە ، پاشان سوپاس بۆ خوا دانەری ئەم نامیلکەیە کە شیخ (عبدالرزاق بن عبدالمحسن البدر ) ە، ڕێگای دا بەوەرگێڕانی ئەم نامیلکیەو هەموو بەرهەمەکانی تری بۆسەر زمانی کوردی ، خوای گەورە پاداشتی بداتەوە .

(وەرگێڕ)

**چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانە نوێیانەی (وەرگێڕ)بن لە سەنتەری ڕۆشنبیری کارا بن بە پشتیوانی خوا:**

١-گوڵی بەهاری لە شەرحی صەحیحی بوخاری (الأدب المفرد)

٢-شیرینی ئیمان لەڕوانگەی قورئان وفەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه و سلم )(حلاوة الإيمان في ضوء الكتاب والسنة )

٣-ڕێسا قورئانیەکان و کاریگەریان لەسەر دەروون وژیان(القواعد القرآنية في تكوين النفس والحياة البشرية) .

٤-ئاخــــر خێـری چرکەساتەکانی ماڵئاوایی پەیامبەران وپیاوچاکان وشەهیدان وڕاستگۆیان لەژیانی دونیا .

٥-هەڵوێستەیەك لەمەڕ مێژووی ئیسلامی وبونیاتنانی ناسانمە .(خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ مێژووی ئیسلام )

٦- هۆکارەکانی خۆڕاگری وجێگربوون لەبەردەم لێشاوی ئاشووب وفیتنەو پەرتەوازەبوون دا .

٧-شارستانیەتی ئیسلامی لەنێوان پەڕەکانی مێژوو وهیواکانی داهاتوومان‌دا .

٩- پەرستش کرن لە سە ردەمی ئاشووب (فیتنە)دا .(العبادة في زمن الفتنة )

١٠-نموونە قورئانیەکان لەنێوان تەفسیر ولێکدانەوە –سوودو وەبیرهێنانەوە (الأمثال القرآنية ....تفسير وتوضيح – فوائد وتذكير ).

١١- ووتەی ڕاست وڕەوان لە هەڵەی نوێژ خوێنان (القول المبين في أخطاء المصلين )

١٢-القلائد في (الفوائد الفقهية والقواعد الأصولية والمسائل العقدية) للشيخ محمد بن صالح العثيمين –جمع وترتيب –